# خەونزان

**هەندرێن**



ئەم خەونەش لەگەڵتا رێدەکا، وەک سۆراغ و ورێنەکانی نامۆیی و
رەهای شەهوەتی ماسییە پەڕاگەندەکانی ناخ.
لە وێڵییەکی پەرتبوودا رادەکەی. بە گوناهکارییەکان، کش و مات،
سێبەرەکانی خۆت دەکوژی: نامرن!
ئەو خەوە پیرەش وەک شەقامی بێزاری، نەگۆڕەو نە تەرم.
رێکەوتێک وەک کوێر بێ و بانگێک وەک مەست بێ دەبیسی: نازانم
حیکایەتێکە و کۆڵانی منداڵێتی دەتەنێ یا سێبەری چۆلەکە
ئەفسووناوییەکانی یادە کە لە خافڵەتی خواوە هەڵاتوون و لەسەر زەویی
گوماندا بە شەونخوونی، سروودی تەنیایی دەچڕن؟
بە ئومێدێکی سارد، بە سیمایەکی فەرامۆش، مسۆگەر فریو دەدەی و
دەچیە ناو زەریای نادیاریی.
لە گەمییەی گێژیدا، ئۆقیانووسی فەرامۆشی قووتت دەدا و
بە باڵی شەپۆلە پرووشکاوییەکان رادەچڵەکێی:
- ئەم خەونە لە کام وێستگە دەمبینێ:

کۆڵانی منداڵێتی؟
هەبوونی خۆڵەمێش؟
سورگومی سەهەندە؟
یا یادێکی بێ جوگرافیا؟

لەوێوە کۆڵانەو خەون دەبینی؟
کۆڵانێکەو منداڵێتی بانگ دەکا!
گومان، پەڕە خۆڵەمێشییەکانی فەرامۆشی بەسەر نادیاریدا بەربادەدا.
گالیسکەی سەهەندەییش ئەم خەونە، لە جوگرافیایەکی ئیفلیجدا دەڕەتێنێ.
-لێرەی بێ شوێندا، ئەوە منم بەدەم رێوە لەبەرپێی ماوەکان شوونی خۆم جێدێڵم.
وەک سەفەر بە چاوەکانی تۆدا دەگوزەرێم:
پەنام نادەی!

لەوێ، لەودیو چاوەکانی تۆدا، ستوونەکانی باران پێ دەگرن و
عەدەمی دەستی ئەڤین، رم لە بێ پروایی دەوەشێنێ.
گەردوونیش بەسەر بیناییە بێهوودەکاندا ئاڤا دەبێ.
لەمدیو چاوەکانی تۆدا، سرتەسرتی لێوەکانی نائاگایی و غەریزە

سورياليەكانی شیعرن.

ئەمە خەونە و بەم پرسەت دەبەخشێ.
ئەمە پرسەو بە كۆڵانی تەنياييدا سەفەر دەكا.
ئەم خەونەش وەک سۆراغ و وڕێنەكانی نامۆيی،
ناوێک بەم عەدەمە دەبەخشێ:

لەوديو .. لەوديو؛!
لەوێوە ... لێرەوە!...

1994
ستۆكهۆلم